# قەیرانی سوتەمەنی و دەرئەنجامە خراپەکانی خەوتنی منداڵ لەگەڵ دایک و باوکیدا



گرتەی یەکێک لە خوێندنگاکانی سلێمانی

* ئێمە نۆ سەر خێزانین و باوکم بێکارە ،یەك ژوور گەرم ئەکەین و هەمووش لەوێ ئەخەوین. منداڵێکی پۆلی سێهەم قوتابخانەی سارداو.

* نەوت زۆر گران بووە کەدایکم بە باوکمی ووت، برۆ نەوت بکرە باوکم هاتەوە دەبەیەکی نیوەی هێنا بوو ووتی، زۆر گران بوە ئێمە پێنج کەسین و بەشەو هەموو لە ژورێکدا دەخەوین. منداڵێکی پۆلی پێنجەم قوتابخانەی سارداو.

* ئێمە نۆ کەسین باوکم بەقاڵە هەموو لە ژۆرێکدا دەخەوین کە سەرماشمان بو دەچینە ژێر سێ بەتانیەوە . منداڵێکی پۆلی سێهەم قوتابخانەی سارداو.

باوکم جێگری (....)ە چوار ژور گەرم دەکەین تا بەیانی، ناشزانم کەی نەوت ئەکرێت

" نوستنی منداڵ لە گەڵ دایکو باوکی جگە لەوەی هەست کردن بە سەربەخۆیی و پشت بە خۆ بەستن لە منداڵ دەستێنێتەوە مانەوەی منداڵ لەژوری نوستنی دایك و باوکدا، ناچاری دەکات کۆمەلێك ووشە ببیستێت و کۆمەڵێك دیمەن ببینێت، کە بۆ هەتایە کاریگەری ئێجگار خراپ لەسەر منداڵ بە جێدەهێڵێت "سەلاح حەسەن چارەسازی دەروونی .

ئەو دێرانەی سەرەوە بە دەست و پەنجەی ژمارەیەك خوێندکاری خوێندنگەکانی سنوری گەرەکەکانی کانی کوردەو سارداوی شاری سلێمانی، نوسراون ئەوان بە بەرائەتەوە باسیان لە قەیرانی سوتەمەنی دەکرد ، ئەو خەمەی کە هەر لە سەرە تای هاتنی مانگی زستانەوە گەورەکان زۆر ڕێگەو شێوازیان گرتۆتەبەر، بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران و بەر پرسان درك بە سامناکی دۆخەکەو پێداویستی هاووڵاتیان بکەن، لە بەرانبەریشدا کۆمەڵێك قسەو بەڵێن، لە لایەن ئەوانەوە کە جگە لە سوکایەتی کردن بە هاووڵاتی و داواکاریە سەرەتاییەکانی هیچی تر نیە ، ئەو منداڵانە لە پۆلەکانی (٥)و(٣)و(٦)ی خوێندنگەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، هەموو دەیانزانی قەیرانی سوتەمەنی چی یە و سەرما بوون واتای چی یە، هەندێکیشیان خۆیان بەر پرسی کرینی نەوت بوون لە ماڵەکانیاندائەوان کە لە پۆلە ساردو سرو پر لە تەپ وتۆز ەکاندا دەیانخوێند ، لە پۆلێکی بچوکدا کە زیاد لە پەنجا خوێندکارو هەمووش چونکە سێ سێ لە تەنیشت یەکەوە بوون نەیاندەتوانی جولە بکەن، باسیان لە ساردوسڕی ماڵەکانیان دەکرد، یەکێك لەو دەستەواژانەی کە لە وەڵام و نوسینی منداڵەکاندا دوبارە دەبۆوە(لەبەر سەرما بەشەو هەموو لە یەك ژوردا دەخەوین)کە بە بروای (سەلاح حەسەن)ی چارەسازی دەروونی دەرهاویشتەکانی ئەو دیاردەیە نەگەتیفە لە سەر کەسێتی منداڵ .

وەڵامی ئەو منداڵانە دەکرێت چەندها گریمانەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر بنیاد بنرێت کە لە پۆلێکدا و لە٥٦ قوتابی ٥٠ قوتابی ئاماژە بەوە دەدەن کە خێزانێکی ٥-٦-٩ کەس بە یەکەوە لە ژورێکداده‌خەون (رێژەکە لە سەرجەم پۆلەکان هاوشێوەو نزیکن) .

"منداڵ بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە دەکات و زیرەکە، ئەگەر هاتوو منداڵ گەیشتە قۆناغی شەش ساڵان، هەڵیە هەر لەگەڵ دایکو باوکیدا بێت ،منداڵ دەبێت لە تەمەنی ٣ ساڵیەوە جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی دروست بێت و متمانەی بە خۆ بێت مەسەلەی سەربە خۆییش مەسەلەیەکی ترە کە مانەوەی منداڵ لە گەڵ دایکو باوکی لە ژوریکدا رۆلی تێدا دەبینێت" .

بە پێی قسەکانی سەلاح حەسەن منداڵ بونەوەرێکی زیرەکەو حەز بە زانینی شت ئەکات"ئەگەر بزانێت شتێك رو دەدات خۆی مت ئەکا تا بزانێت چی رو ئەدات منداڵ لە ژوری دایکو باوکیدا،ناچارە هەندێك قسە ببیستێت و هەندێك دیمەن ببینێت دوایی حەز ئەکات بیکاتەوە واتە لاسایی حاڵەتەکە بکاتەوە و قسەکانیش بڵێتەوە،کە ئەوە توشی کێشەی سەختی دەکات و لە گەورەبونیشیدا رەنگ دەداتەوە "،هەروەها دەڵێت "بە پێی تەمەنەکان ئەو روداوانەرەنگ دانەوەی جیاوازیان دەبێت منداڵ هەیە کەبەشەو لە ژووری دایکو باوکیدا دەمێنێتەوەو لە حاڵەتی کردەی سێکسیدا دایك و باوکی ئەبینێت ، رق لە باوکی هەڵدەگرێت و پێی وایە ئازاری دایکی دەدات، منداڵی تر هەیە، حەز ئەکات ئەوەی بینیویتی لاسایی بکاتەوە، لەگەڵ ئەو کەسە نزیکانەی هاتوچۆیان دەکەن ،کە ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی تەنانەت تەحەروش بە کەسە نزیکەکانی وەك خوشکی بکات و لە ئەنجامی کارکردنمەوە حاڵەتی لەو بابەتەم هاتۆتە لا کە بە گەورەییش ئەو روداوەی منداڵی توشی کێشەی دەروونی کردووە".سەلاح حسەن پێی وایە کە ئەرکی خێزان و حکومەتە کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن و ئەو پێی وایە خێزان هەیە باری ئابوری باشە بەڵام درك بەوە ناکات کەچەند گرنگە منداڵ شوێنی خەوی تایبەت بێت، لە لایەکی تریشەوە ئەوە کەموکوری حکومەتە کە ناتوانێت پیداویستیە سەرەتاییەکان دەستەبەر بکات و مەرگەساتی ژیانی ئەو منداڵانەی لەسەرەوە باسی ژیانیان کردووە بەردەوام بێت"هەریەك لەخێزان و حکومەت رۆلی دیاریکراوی خۆیان هەیە لە بەر گرتن لە وێران بونی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت گەر ووردبینەوە لەو کێشە گەورەیەی کە منداڵەکان لە نوسینەکانیان باسیان کردووە".

**ئا/ هانا - شەدە**

# کورد نائومێدە بە لە سێدارەدانی سەدام

## هاوڵاتیەک"ئەوەندە خۆشحاڵ نیم بەئیعدامکردنی سەدام کە بێ کارەبایی‌و گرانی غازو نەوتم بیربەرێتەوە"

دواجار کۆتایی سەرۆکی پێشووی عێراق پەتی سێدارەبو، سەدام حوسێن زیاتر لە ٣٥ ساڵ فەرمانڕەوایی عێراقی دەکردو بەپێی بەڵگەنامەکان‌و ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی رۆژ لەدوای رۆژ دەدۆزرێنەوە ناوبراو داهێنانی دەکرد لەشێوازی کوشتن‌و برین‌و قەتل عام کردنی رۆڵەکانی ئەم میللەتە.

رۆژی ٣٠/ ١٢/ ٢٠٠٦ لەبەرەبەیانی یەکەم رۆژی جەژنی قورباندا دیمەنی لەسێدارەدانی سەدام راستەوخۆ هەموو میدیاکانی جیهانی گرتەوە.

ئەو رۆژەی پەیکەرەکەی سەدام لەگۆڕەپانی فیردەوس لەلایەن گەلی عێراقەوە روخێندرا لە ٢٠٠٣دا، میللەت لەخۆشییداو لەسەرتاسەری عێراق‌و بەکوردستانیشەوە رژانە سەرجادەو ئاهەنگیان دەگێراو پیرۆزباییان لەیەکدی دەکرد، بەڵام ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا ئەو پێشوازییە ساردەی کورد بو لەهەواڵی لەسێدارەدانەکەی سەدام‌و بێ باکیان لەمان‌و نەمانی.

هاوڵاتیان پاساوی جیاوازیان دەهینایەوە بۆ ئەم بێ دەنگیە لەئیعدامکردنی سەدام رەوەند عەبدولای لەدایك بووی ١٩٩٠، لەگەڵ زۆربەی هاوپۆلەکانی لەناوەندی هەڵوانی کوڕان بێ باکانە دەیوت "کە پەیکەرەکەیان روخاند، وامان دەزانی ژیانێکی خۆشمان بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام سەیرکە نە ئاو هەیە نە کارەبا، نە سوتەمەنی، هیچ شتێك نی یە، هەروەك لەدۆزەخدا بیت وایە". هەڵکۆ سالاری هاوتەمەنی رەوەند، نیگەرانە لەسەرکردەو کاربەدەستانی کوردو پێی وایە ئەوان بەپلەی یەکەم بەرپرسیارن لەم بارودۆخە، وەك خۆی دەڵێت ئەم ناعەدالەتیە "بە من چی سەدام نەما، کە شەوانە دوو سەعات کارەبامان هەیە، و نیو سەعاتی ئەخۆن،و ماڵە مەسئولەکانیش هەتا بەیانی چراخانە".

لەمبارەیەوە ئاسۆ عەبدالغفور لەدایك بووی ١٩٦٣ ەو مامۆستایەو بۆ خەمساردی کوردیش، پێی وایە خزمەت گوزارییەکان بەگوێرەی خواستی هاوڵاتیان نیە، "هەمیشە دەبێت ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین‌و بڵێن رۆژانە ئەو هەموو گەنجە بۆ کۆچ دەکەن؟". ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە بەتەنها دەسەڵات لێپرسراو نیەو چەند دەسەڵات بەرپرسیارە میللەتیش دوو ئەوەندە. دەبێت خەڵك هەست بەلێپرسینەوە بکات، هەست بکات ئەمە خاك وڵات‌و نیشتمانی خۆیەتی، "بۆیە نەبونی ئینتیما لەبەینی خەڵك‌و نیشتمان هۆیەکی تری خۆشحاڵ نەبونی کوردە بەئیعدام کردنی سەدام".

کەمال جامچی تەمەن ٣٨ ساڵ لەشوێنکاری خۆی لەدارە سوتاوەکە بەگاڵتەجاڕییەوە وتی "چی لەئیعدامی سەدام بکەم کە من بوتڵی غاز بە ٢٥ هەزارو جلیکانێ بەنزین بە ٢٢ هەزار دینار ئەکڕم". هەروەها بۆیە ئەوەنە خۆشحاڵ نیم بەئیعدامکردنی سەدام، کە بێ کارەبایی‌و گرانی غازو نەوتم بیر بەرێتەوە". گوڵەباخ رەحیمی تەمەن ٤٣ ساڵ چاوەڕوانی پاسی دەکرد، ئەویش بێ خەم نیە لەکێشەی سوتەمەنی‌و گرانی بازاڕ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵی خۆی ناشارێتەوەو داوا دەکات "نەك یەك ئیعدام، بەڵکو شایەنی ١٨٢ هەزار ئیعدامە، نازانم چۆن، بەڵام گەر عەدالەت‌و یاسا بەرقەرار بوایە، دەبوا وای لێبکرایە". سوتوی جەرگی گوڵەباخ وەك باسی دەکات لە بەسەرهاتێکی قەزاو قەدەر نەبوە، بەڵکو بەفەرمانی سەدام بوو ١١ کەس لەخێزانەکەی لەباوك‌و دایك‌و پێنج براو هاوسەرو دوو کچ‌و کوڕێکی لەشاڵاوی ئەنفالی گەرمیان لەگەڵ ١٨٢ هەزار کوردی تر لەدەستدا.

بەرای د. ئاسۆ ئیبراهیم یاریدەدەری راگرو سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی لەزانکۆی سلێمانی، ساردی‌و جیاوازی هەڵوێستی کورد لەمەڕ لەسێدارەدانی سەدام حسێن، لەبنەڕەتدا پەیوەندی هەیە بەجیاوازی تێگەیشتن‌و بیروبۆچوونی خەڵك لەلایەك، لەلایەکی ترەوە جیاوازی کاریگەری کەلتوری ئاینی‌و رۆشنبیری‌و نەتەوایەتی، لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر، "هەندێ کەسی بەعاتیفەوە لەمەسەلەکە دەڕوانن،و لەسێدارەدانی سەدام لەجەژندا فاکتەرێکی سەرەکی بو بۆئەوەی بەزەییان بجولێت".

نیگەرانی مام ئیبراهیمی تەمەن ٥٢ ساڵ کە لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورە وەستابوو جیاوازە لەوانی ترو دەڵێت "من ئەوەم پێناخۆشە ئەو دڕندەیە، لەو رۆژە موبارەکەدا ئیعدام کرا، بۆیە دەترسم خوای گەورە لەهەموو گوناهەکانی خۆشبێت".

کۆمەڵێ لەخوێندکارانی پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی، لەوانە شۆڕش کەریمی تەمەن ٢٤ ساڵ خوێندکاری بەشی زانست، پێی وایە کە لەسێدارەدانی سەدام بەتەنها لەسەر کەیسی دووجەیل کە ١٤٨کەسی تێدا کوژراوە، بەبەراورد لەگەڵ ١٨٢ هەزار ئەنفال‌و ٥٠٠٠ کەسی کیمیابارانکراو و ٨٠٠٠هەزار بارزانی بێ سەرو شوێن، ئەوە دەستکەوتێکە بۆ شیعەکان‌و گورزێکی سیاسیە لەدژی کورد.

حەمە غەریب تەمەن٤٥ ساڵ هاودەنگە لەگەڵ رای شۆڕش بەڵام گلەیی خۆی ئاڕاستەی دەسەلاتی کوردی دەکات‌و دەڵێت "پێم ناڵێن سەرکردەکانمان چی بەکەسوکاری ئەنفال‌و هەڵەبجە دەڵێن، کە تاوانباری سەرەکی‌و دوژمنی کورد لەو مەینەتیە تەواو ئیعدام کرا؟".

هەندێ پسپۆڕی سیاسی پێیان وایە دیمەنی لەسێدارەدانەکەی سەدام، لەفیلمە ترسناکەکانی فرەنسیس کوبولای دەرهێنەری فیلمی تۆقێنەری ئەمریکی، کە خودی سەدام خۆی یەکێك بوو لەهەوادارانی ئەو دەرهێنەرە، سەرکەوتوترو ترسناکتر بوو، لەمبارەیەوە سروشتی تەمەن ٢٣ ساڵ خوێندکاری بەشی کۆمپیوتەر، لەپەیمانگای مامۆستایان پێی وایە قوربانیانی ئەنفال‌و هەڵەبجە خۆشحاڵبون بەو دیمەنە، بەڵام بۆ خودی سروشت پێی خۆشنەبووە "ئەگەرچی ئەو دیکتاتۆرو ستەمکاربو، بەڵام پیشاندانی ئیعدامەکەی‌و سوکایەتی پێکردن‌و نمایشکردنی لە TVبۆ خەڵك کارێکی ترسناکەو هەرگیز لەگەڵ پرەنسیپ‌و بنەمای مرۆیی نایەتەوە". د. نیان نامیق دکتۆرا لەپەروەردەو دەرونناس‌و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی بێ باکی کورد سەبارەت بەو رووداوەو وەکو پسپۆڕێکی دەرونناس پێکهاتەی دەرونی تاکی کورد وا دەخوێنێتەوە کە تاکی کوردی جۆرە ساویلکەییەکی پێوە دیارە،و لەوانەیە یەکێك بۆ نمونە کوڕەکەی یان براکەی ئیعدامکرابێت،و ئەو ستەمەی بەسەر خۆیدا هاتووە حەز نەکات بەسەر یەکێکی تر بێت، ئەمەش لەسۆنگەی هەستێکی تەواو ئینسانی یەوە هاتووە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە د. نیان پێی وایە ئەو کەسە وا بیر دەکاتەوەو بڵێ کە من کەسەکەم لەدەستدا، ئیتر سەدام بمرێ یان نەمرێ چ سودێکی بۆ من دەبێت، بۆیە ناتوانرێت بەشێوەیەکی دەقیق دەستنیشانی بکەین‌و بڵێین لەبەر ئەم هۆیە کورد خەمساردەو بێ باکە لەئیعدامکردنی سەدام حوسێن،

ناوبراو تەوقیتی لەسێدارەدانەکەی پێ گرنگەو کاریگەری نەگەتیڤانەی ئەو تەوقیتە لەسەر دەرونی تاکی کورد، چونکە هەموو جۆرە بڕیارێك کات‌و شوێنی جێبەجێ کردنی گرنگە بۆ سەرکەوتنی، بۆیە دەبوایە کەیسی ئەنفال‌و کیمیابارانی کورد تەواو بوایە ئەو کاتە ئیعدامبکرایەو ئەو کات رەنگدانەوەیەکی تری دەبو "وەك رەدی ئیعتبارێك دەبو بۆ هەموو نەهامەتیەکانی کورد".

ئەوەشمان بیرنەچێتەوە وەك د. نیان دەڵێت "ئینتیمای ئاینی لای هەندێ کەس وای کردووە کە پێ قبوڵ نەبێت لەرۆژی جەژنی قورباندا ئیعدامی تێیدا بکرێت".

**ئا/ شیرین صبور**